# وڵامێکی کورت بۆ ئارام گەردی.. ڕێباز

لە ڕۆژی ٨-٢-٢٠٠٦ لە کوردستانێت بابەتێکت نووسیە لە سەر کێشەی دکتۆر کەمال سەید قادر، بە پێی قسەو ئەو مادە یاسایانەی کە باست کردوە ئاساییە بۆ ئەو ماوە زیندانیەی دکتۆر، کە گوایە هێرشی کردۆتە سەر کەسایەتییە بەرزەکانی پارتی و ئەم زیندانی کردنەی دکتۆر کەمالیش بە مافی خۆی دەزانی، چونکە بەپێی مادەی ٤٣٣ سزا دراوە لەمەڕ جنێو و تەشهیر کردن، ئەی ئەگەر کەسێکی وەك مەریوان هەڵەبجەیی هێرش بکاتە سەر موقەدەساتی زۆرینەی گەلی کورد، ئەی سزای ئەو مرۆڤە چییە کاکی یاساناس؟!! ئایا هێرش کردنە سەر چەند کەسایەتییەکی بەرزی پارتی گەورە ترە؟یان سوکایەتی کردن بە پێغەمبەر وەك مەریوان کردویەتی؟ بۆ دوو لاپەڕە نووسین ٣٠ ساڵ بۆ دکتۆر کەمال ئاساییە، بەڵام پێت ڕەوا نیە مەریوان هەڵەبجەیی توشی سزای یاسایی ببێت، کە تەجاوەزی کردۆتە سەر بیروباوەڕی ئەو خەڵکە، ئەگەر یاساناس بیت باش دەزانی باجی ئەو سوکایەتیە چەند ساڵ زیندانیە، بەڵام خۆت گێل دەکەی،
ئایا میدیای یەکگرتوو هانی خەڵك ئەدات بۆ تیرۆرکردنی خەڵکی یان پارتەکەی تۆ بوو هانی لایەنگرانی خۆی دا کە چەند ئەندامی یەکگرتوو تیرۆر بکەن لە دهۆك و زاخۆ؟!
میدیای یەکگرتوو بوو ئاگری شەڕی براکوژی گەرم دەکرد یان میدیای هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بوون؟ وەك تۆ دەڵێ (کەس لە سەروی یاساوە نییە) ئەگەر یاسا هەبوایە ئێستا تاوانبارانی کارەساتەکەی بادینانتان پەلکێشی دادگا دەکرد؟
گەلی کوردستان باش دەزانن میدیای یەکگرتوو چۆن دژی تیرۆرو فکری توندڕەوی بووە لە ماوەی ئەم ١٢ ساڵەی یەکگرتوو، قوڕ بەسەر ئەو هاوڵاتییەی کە کێشەیەکی یاسایی دەکەوێتە لای ماف پەروەرێکی سەربەدەسەڵات، لە کۆتاییدا ئەمەوێ بڵێم بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێت خاڵە ئارام.